


# پاوەربانکی تێسلا ستایلێکی ناوازە



کۆمپانیای tesla کە چالاکییەکانی زیاتر لە بواری بەرهەمهێنانی دابینکردنی وزە بۆ ئەو ئۆتۆمبیلانەیە کە بە وزەی باتری دەڕۆن و نیازی هەیە گۆڕانکارییەکی گەورە لە بواری دابینکردنی وزە بۆ ئۆتۆمبیلە شەحنکەرەوەکان دابین بکات، لەم رۆژانەدا پاوەربانکێکی بۆ ئامێرە دیجیتالییەکان بەرهەم هێنا، پاوەربانکەکە باترییەکی بەهێزە و ستایلەکەی ناوازە و سەرنجراکێشە..

پاوەربانکەکە دەتوانێت وزەی ٣٣٥٠ میلی ئامپەر لە خۆیدا کۆبکاتەوە، جیاوازی لەگەڵ پاوەربانکەکانی دیکە ئەوەیە شەحنی خێراییە، واتە بە خێرایی ئامێرەکان شەحن دەکاتەوە، قەبارەکەی بچووکە، شوێنی دوو کێبڵی تایبەتی ئەندرۆید و ios هەیە..



## مۆبایل جێگای کامێرا دەگرێتەوە

کاتێک باسی مۆبایلێکی باش و بەهێز دەکرێ یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی باسی کامێراکەی دەکرێت، کامێرای بەهێز دەبێتە تایبەتمەندییەکی باشی مۆبایل.. هەر کۆمپانیایەک مۆبایلێک دەخاتە بازاڕەوە لە سەرەتادا باسی کامێرای موبایلەکە دەکرێت، ئەگەر مۆبایلێک کامێرایەکی بەهێزی هەبێت پێویستت بە کامێرایەکی سەربەخۆی دیجیتالی نابێت. مۆبایلی جۆری Vivo V7 یەکێکە لەو مۆبایلانەی کە کامێرایەکی بەهێزی هەیە، کامێرای ٢٤ میگاپیکسلی.. تایبەتمەندی کامێرای مۆبایلەکە ئەمانەن؛ وەک fullView لە جۆری IPS LCD بە کوالیتی نیشاندانی سەرووی فول ئێچ دی.. تایبەتمەندی خودی مۆبایلەکەش لە ئاستی بەرزدایە وەک هەشت یەکەی ناوەکی بە خێرایی ١,٨ گیگاهێرتز، رام ٤ گیگابایت، ٣٢ گیگابایت میمۆری ناوخۆ، مۆبایلەکە شوێنی دوو سیم کارتی هەیە، باترییەکی بەهێزی هەیە، سیستەمی ئەندرۆیدی ٧ە..



# سینەمایەک بۆ ماڵەوە

پرۆژکتەر یا با واتەیەکی دیکە داتاشۆ لەم سەردەمەدا شوێنی سینەمای گرتۆتەوە، ئەگەر پرۆژکتەرێکی جۆری CineHome HT2550 هەبێت، ئەوە بەو مانایە لە سینەمایەکی باش سوود وەردەگریّ.. ئەم پرۆژکتەرە کوالیتی نیشاندانی K4ە و کوالیتی نیشاندان زۆر ئاست بەرزە..

هەرچەندە ئێستا تەلەڤزیۆنە مەزنەکان کە شاشەیان سەد ئینجە شوێنی سینەمای گرتۆتەوە، بەڵام ئەم تەلەڤزیۆنانە هەم گرانباین و هەم لەماڵەوەش شوێنێکی تایبەتیان دەوێت..

پرۆژکتەری ناوبراو بۆ نیشاندان پێویستی بە تابلۆیەکی سپی نییە بەڵکو لە هەموو شوێنێک دەتوانێت نیشان بدات بە جۆرێك کە زۆر سروشتی دێتەبەرچاو..

# پرینتەرە مۆبایلەکەی پۆلارۆید



لـەم سـەردەمەدا وێنەکێشـان بـە مۆبایل یان بـە کامێرای دیجیتالی ئاسـانترە لە هەناسە هەڵکێشان، لە یەك خولەکەدا دەیان وێنە بگرە.. بەڵام کێشەی ئەم سەردەمە ئەوەیـە کـە وێنـەکان کەمتر دەچنە سـەرکاغەز و نەوەی ئێسـتا ئەلبۆمی نییە.. هەرچەنـدە بـە بەراورد بە سـاڵانی زوو شـوردنەوەی وێنەکان و خسـتنە سـەرکاغەزیان زۆر ئاسـانتر بـووە، پرینتـەرە تایبەتییەکان شـوێنی تاقیگەی شوردنەوەی وێنەیان گرتۆتەوە..


ئامێـری moto mods polaroid مۆبایلەکانتـان دەکاتـە پرینتەرێکـی سـەربەخۆ، هـەروەك لـە وێنەکـە را دیـارە وەك چوارچێوەیـەك دەچێتـە نـاو مۆبایلەکـەوە، وێنەکانـی سـەر مۆبایلەکـە بـە قـەوارەی ٢ لەسـەر ٣ ئینـج چـاپ دەکات..بەهـۆی ئەو پرینتەرەوە بە ئاسـانی وێنەکانی سـەر تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان وەك فەیسـبوك، ئینستاگرام و گوگل فوتۆ چاپ دەکرێن..

# سەگە رۆبۆتییەکان ئەرکی چاودێری ئەنجام دەدەن



جیهانـی رۆبـۆت وەك بیرۆکـە جیهانێکـی نـوێ نییـە، بـەڵام وەك کـردار ئەرکـەکان رۆبـۆت ئەنجامیـان بدات هەمووی چەند سـاڵێك تێناپەڕێ.. زۆرجاران رۆبۆتەکان و ئەرکەکانمان ناسـاندوون.. لێرەشـدا باسـی سەگێکی رۆبۆتی نوێ دەکەین..

کۆمپانیای (بۆستۆن داینامێکس) رۆبۆتێکی نوێی سەگ شێوە بەناوی (SpotMini) بەرهەم هێناوە، دیـارە پێشـتریش رۆبۆتێکـی بـەم نـاوە هەبووە، رۆبۆتـە نوێیەکە ڤێرژنـە پێشـکەوتووەکەیەتی، کە چەندین گۆڕانکاری تێدا کراوە، بۆ نموونە جوڵەکانی دەسـت و لاقەکانی تەواو سروشـتی خۆ دەنوێنێن و دانیشـتن و هەستانەوەی وەك سەگێکی راستی دەچێت، بەڵام ئەرکی چاودێری وردتر و کارامەتر لە سەگی راستی بەڕێوە دەبات.. لە هەموو لایەکەوە وێنەی ئەوکەسـە دەگرێت کە نزیکی سـنووری دەکەونەوە، ئەو کەسـانە دەناسـێت کە پێشتر پێیان ناساندووە.. نەك وێنەگرتن بەڵکو دوای کەسەکانیش دەکەوێت، گەر بیانهەوێ زیانی پێبگەیەنن و تەقە بکەن خۆی دووردەخاتەوە و پەنا دەدات... کەسە گومان لێکراوەکان لە بن بەربەستیش دەناسێ...



# تایبەتمەندییەکانی نوێترین تەبلێتی لینۆڤۆ

**کۆمپانیای لینۆڤۆ لەم یەك دوو ساڵەی دواییدا چالاکییەکانی لە بواری بەرهەمهێنانی ئامێـرە دیجیتالییەکانـدا چڕتر کردۆتەوە، هەوڵدەدات ململانێیەکی بەهێز لە گۆڕەپانەکەدا بکات و خۆی بگەیەنێتە لوتکە، تا رادەیەکیش سەرکەوتنی بەدەستهێناوە..**

**لەم دواییەدا لینۆڤۆ تەبلێتی جۆری TB-X804 بەرهەم هێناوە.. تەبلێتەکە شاشـەکەی ١٠ ئینجە.. لە کوالیتی ١٩٢٠ لە ١٢٠٠ پیکسـل سـوود وەردەگرێ واتە فول ئیچ دی.. یەکـەی لێکدانـەوەی واتە پرۆسیسـەرەکەی ٨ یەکەی ناوەکییـە.. رامەکەی ٤ گیگابایتە، میمۆری ناوخۆی ٦٤ گیگابایتە. کامێرای پشتەوەی ٨ میگاپیکسلە و هی پێشەوەی ٥ میگاپیکسلە.. سیستەمی ئەندرۆیدی ٧ی لەسەرە.**

# کیبۆردی ڕێزێری تایبەت بە گەیم



کیبۆرد واتە تەختەی دوگمەکان و گرنگترین ئامرازی کۆمپیوتەر و لاپتۆپە، بەبێ کیبۆرد بەکارهێنەر ناتوانێ هیچ سوودێك لەو ئامێرانەی ئاماژەمان پێدا وەربگیرێت.. کۆمپانیـای razer کـە گرنگـی بە بەرهەمهێنانی ئامێری تایبەت بە گەیم دەدات، وەك لاپتۆپی تایبەت بەگەیم و کۆمپیوتەری تایبەت بە گەیم و ماوسـی تایبەت بە گەیم، لـەم ماوەیـەدا کیبۆردێکی تایبەتی بە گەیمیشـی بەنـاوی BlackWidow Ultimate بەرهەمهێنـاوە.. کیبۆردێـك دژە تەڕبـوون و ئاوتێچـوون و هەڵنەگرتنـی تـۆز و خۆڵ.. کیبـۆردی گەیمینگـی ڕێـزەر بـە چەنـد سـایزێکی جیاجیا بەرهـەم هاتووە بـۆ ئەوەی کـە ئەوانـەی حـەز لـە کیبۆردی مـەزن دەکەن کیبـۆردی گەورە بەکاربێنـن و ئەوانەی کیبۆردی بچووك کە لەسـەر مێزە بچووکەکان جێگایان بێتەوە کیبۆردی بچووك بەکار بێنن..

کیبۆردەکە پرۆگرامێکی تایبەتی لەگەڵدایە بۆ ئەوەی کە دوگمەکانی کیبۆردەکە بە پرۆگرام بکرێن، بەو مانایەی هەر دوگمەیەك تایبەت بکرێ بە ئەنجامدامی فەرمانێك..



## سەندیسک میمۆری ٤٠٠ گیگابایتی بەرهەم دێنێ

میمۆری لە کامێرای دیجیتالیدا و تەنانەت لە مۆبایلیشدا ڕۆڵی گرنگ هەیە، میمۆری زۆر ئەرکت لە کۆڵ دەکاتەوە، ئەوانەی کامێراڤانی پیشـەیین دەزانن لە زۆر کات پێویسـتیان بووە وێنەی زیاتر بگرن بەڵام بەهۆی نەمانی جێگای داکردن لە میمۆریدا نەیانتوانیوە..

کۆمپانیـای سەندیسـك لـەم ماوەیـەدا پێوانەییەکـی نوێی لە میمـۆری قەوارە زۆر تۆمـار کرد، میمۆری ٤٠٠ گیگابایتـی سەندیسـك دەبێتـە گۆڕانکارییـەك لە هەڵگرتنی زیاتری وێنە لـە کامێرادا.. لە میمۆری 400GB SanDisk Ultra microSDXC UHS-I card دا دەکرێـت ٤٠ کاتژمێـر ڤیدیـۆی فـول ئیـچ دی یـان ١٢٠ هـەزار وێنـە بە کوالیتی بەرز تۆمـار بکەی.. خێرایی گواسـتنەوەش لـەم میمۆرییـەدا زۆرە دەکرێت ١٢٠٠ وێنە لەیەك خولەکدا بگوازێتەوە..




## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت ئەو پرۆگرام و ئەپلکەیشنانەی کە بۆ سـەر مۆبایلەکـەم دایان دەبەزێنم، کێشـەی ئەمنیەتیان نییـە، یانی ئەوانە سیخوڕی ناکەن بەسەر موبایلەکەمەوە؟**

خوێنـەری بەڕێـز، بەڵـێ ئـەوان بـە باشـی دەتوانـن بەهـۆی پرۆگرامەکەیانـەوە کۆنترۆڵت بکەن، چونکە خۆت لەسەرەتادا کە داوات لێدەکات من کامێراکەت، پەیامەکانت، پەیوەندییەکانـت ..تـاد چاودێـری دەکـەم، تۆش ئیزنـی پێدەدەی، ئەویش ئەگـەر نیازی هەبێت بە ئاسـانی لـە ڕێـگای پرۆگرامەکـەوە دەتوانێت موبایلەکە بخاتە ژێر چاودێرییـەوە.. هەرچەندە دەتوانرێ ئەوکاتەی کە پرۆگرامەکە دادەبەزینی ئیزنیان پێنەدەی کۆنترۆڵی مۆبایلەکەت بکەن... بەڵام ئەوەی جێگای دڵخۆشییە، کۆمپانیایەك زانیارییەکانی سەر مۆبایلەکەی تۆ و کەسانی دیکەی بۆ گرنگ نییە..

# پرۆگرامێک گیان دەبەخشێتە وێنە بێ گیانەکانتان



ئەم سەردەمە هیچ شتێك ئاسانتر نییە لە وێنەگرتن، لە هەر شوێنێك مۆبایلەکەت دەربێنە و وێنە بگرە، وێنە لە سروشتدا وەك وێنە لەناو بەفر و باران و دیمەنی سروشتی وەرزەکان.. بەڵام قەت بیرت لەوەکردۆتەوە یان ویستووتە وێنەکانت کە سەیر دەکەی هەمان چێژی شوێنە سروشتییەکەت پێببەخشێ، واتە وێنەکان لەسەر کۆمپیوتەر گیانیان بکەوێتە بەر و زیندوو خۆبنێوێنن.. بەڵێ بە پرۆگرامی Nature Illusion Studio بە ئاسانترین شێوە وێنەیەکی زیندوو لە وێنە بێ گیانەکانتان دروست بکەن. بەشێك لەو ئێفکتە سروشتیانەی پرۆگرامەکە بە وێنەکانی دەبەخشێ ئەمانەن:

- زێدەکردنی ئاو و هەوا و بەفر و باران لەسەر وێنە..
- زیادکردنی ئێفکتی دەنگی وەك، دەنگی گژەی با شەپۆلی دەریا و دەنگی باڵندەکان و..تاد.
- زیادکردنی شەش جۆر شەپۆل و جوڵەی ئاو لەناو وێنەکاندا..

## ئامێری سۆنەری مۆبایل



مۆبایل ئێستا شوێنی راهێنەرێکی باشی وەرزشی گرتۆتەوە، رۆژێك دادێت ئەرکەکانی دکتۆرێکیش ئەنجام بدات، هەر ئێستاکە زۆر ئەرکی تایبەت بە پزیشکی ئەنجام دەدات..

سۆنەر (سۆنۆگرافی) لە شوێنی تایبەتی خۆی و بە ئامێری تایبەتی خۆی نەبێت ناکرێت، بەڵام ئەمساڵ دکتۆر (جۆن مارتین) پسپۆری نەشتەرگەری دەمار، ئامێرێکی سۆنەری گیرفانی واتە ئامێری (But-terfly IQ) لەبری ئامێرە گەورەکانی سۆنەر بۆ دەستنیشانکردنی گرێی شێرپەنجەیی بەکارهێنا.. ئامێرەکە کاتێك لە مۆبایلی ئایفۆن دەخرێ، ناو جەستە وەك ئامێری سۆنەر بە شێوەی رەش و سپی نیشان دەدا.

کۆمپانیای بەرهەمهێنی ئامێرەکە لە هەوڵدایە پرۆگرامی هۆشی دەستکرد بۆ سۆنەرە گەڕۆکەکە دابنێ بۆ ئەوەی کەسانی ئاسایی جگە لە دکتۆرەکانیش بتوانن نەخۆشییەکانیان دەستنیشان بکەن. هەرچەندە ناکرێت وەك ئامێرێکی پێشکەوتووی سۆنەر سوود لە ئامێری ناوبراو وەربگرین، بەڵام بۆ دەستنیشانکردنە سەرەتاییەکان گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە..

## سایتێک بۆ دانانی نووسین لەسەر وێنە




زۆر جاران پێویست دەکات دێڕە شیعرێك یان وتەیەکی جوان، یان پۆستێکی خۆت لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتیدا لەسەر وێنەیەك بنووسی، نازانی سوود لە چ پرۆگرامێك وەربگری، راستە فۆتۆشۆپ و پرۆگرامەکانی دیکە ئەو کارە دەکەن، بەڵام پرۆگرامەکان یان لەسەر کۆمپیوتەرکەت نین یان شارەزاییت نییە لەسەریان، لەکاتێکی بەشێوەیەکی ئۆنلان سوود لە سایتی twithelper وەربگرە، هەموو ئەو شتانەی کە پێویستن بۆ نووسین لەسەر وێنە لەم سایتەدا بە ئاسانی جێبەجێ دەکرێن، قەبارە و جۆری فۆنتەکە و وێنەی مەبەست و ئیفکتی جۆراوجۆر لە سایتەکەدا هەن...